کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-2-2007 0:57

## لەدیدی ئەم سۆزە پاکەوە تۆم ئەبینی . !!!! ژووان

نێوان من و تۆ،
شیعرێکی ناسک بوو . .
لە تەمەنێکی پرسوێدا بەدیم کردو
لەخەمێکی زۆر گەورەدا حەشارمدا !!. .
ساڵیانێک بوو چاوەڕێی بووم
پەنجەرەی سەرخەمەکانت والاکەم
لەسەر باسکی ئەوینی تۆ
ئەوینی خۆم ڕابژێنم . .
هێندەش مەست بووم
نەمدەزانی
لەکام گوڵزاری شاییستەو
لەکام باخچەی ئەوینەوە
دەرگای دڵت بترازێنم
چرپەو چریکەت بدوێنم !!. .
کەتۆش هاتی
منی یاخی
لێوانلێو بووم لەسەرکەشی و
عاشقێکی
بێ ئەزمۆنیی ماچ و ئامێز !!. .
وەکوو دەریاو شەپۆڵ وابووم !!
بەرەو کەنار شوێنتکەوتم
تالەماچ و ئارەزووتا بتوێمەوە
تالەبووننتا
خۆم لەجەستەو ڕۆحت هەڵسووم
تەفسیری عیشق بڵێمەوە . .
ئێستاش من حەزێکی شێتم !!
شێت بەعێشقی ووجودی تۆ
کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەناو خوێنما
دێت و ئەچێ و
بە سینەشما باڵائەکا . .
تۆش خواوەندی خۆشەویستیت
جەستەو دڵت داگیرکردووم
خەمت بردووم . .
تۆ ئەمشیعرەیت
لەچاوانما هەڵمگرتویت . .
لێم مەپرسە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هێندەی کام عیشق خۆشمدەوێیت؟
دڵنیابە تۆ تریفەی
تۆ هەتاوی
خۆری سەر شیعری منی
مێژووی منی
شیعری منی. . . .

2007/1/27 بیمارستان لە وولاتی ئوتریش (نمسا) لە (ڤیینا) پایتەخت. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.